

ماجید خەلیل



# بڕەوی مەهدیگەرایی لە بیری سیاسیی شیعەدا

## «شکستی ئەزموونگەرایی لە جیهانی ئیسلامیدا»

مەهدیگەرایی یەکێکە لە بیر و ئەندێشە ئیسلامییەکان بۆ ڕاچەنینی بیری سیاسیی شیعە، ئەم بیرە بە شێوەیەکی زۆر کارا لەم چەند ساڵانەی دواییدا لە برەودایە، بە شێوەیەک توانیویەتی ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە ڕایەڵەی کۆبوونەوەی گوتارێکی هاوبەش بۆ ئاڕاستەکردنی میتۆدی سیاسەتکردن لەناو شیعەکانی جیهاندا.

لە ڕاستیدا مەهدیگەرایی شتێک نییە جگە لە ئەندێشە و هزری نەمریی بایەلۆژیی کە ئێمە لە ئایینە یەکتاپەرستییەکانی پێش ئیسلامدا پەیمان پێبردووە و پێی ئاشنا بووین. دەتوانین بڵێین بە لەپێشچاوگرتنی مێژوو، ڕێچکەکانی شیعە بریتییە لە هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێش قۆناغی ئایینی ئیسلام، چونکە نەمریی جەستەیی و بایەلۆژی شتێکی پەیوەستە بە خورافیات و فەلسەفەی جولەکە و ئایینی مەسیحییەکانەوە. تەنانەت بەشێک لە بۆچوونەکان ئەوە گەڵاڵە دەکەن کە ڕەوگەی شیعە بە باوەڕی جولەکەکان و ئایینی جولەکەوە نزیکترە تا لە ئایینی ئیسلام. دەکرێت ئەم لێکچوونە فەرهەنگی و ئایینییە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا سەرچاوەی گرتبێت و نەزمێکی پەنهان بە سەریدا زاڵبووبێت. لە گوتاری ڕێبەرانی باڵای ئێراندا، ئەوانەی لە ئێستادا نوێنەرایەتی ڕابوونی ئیسلامی شیعە دەکەن ئەم ڕەنگدانەوەیە دەبینرێت. ئەحمەدی نەژاد بە ڕوونی دەڵێت: کە ئیمامی زەمان جڵەوگیریی ژیان دەکات، ئایا ئەمە دانە دواوەی فەرمانبەرداریی خودا نییە؟ تا ئەو شوێنەی کە پەیوەستە بە پرسی ئایینییەوە ئەو باوەڕەی مەهدیگەرایی و ئەو تێگەیشتنەی شیعەکان بۆ پرسی نەمریی بریتییە لەوەی کە خودا و مەهدی لە یەک بۆتەدان، دروست ئەمە ئەو باوەڕەی مەسیحییەکانە کە عیسا بە (روح القدس) دەچوێنێت لەم ڕوانگەیەشەوە جیاوازییەک لەنێوان خودا و زاڕۆکەکەیدا نییە کە عیسایە. ئەو تێگەیشتنەیش لە نێو شیعەکاندا شاراوە نییە کە خودا و مەهدی دارای بونیاد و پێکهاتەیەکن. لە ڕاستیدا ئەم بەرزکردنەوەیەی مەهدی لە سەدەی بیستویەکەمدا بە تەواوی لە بەشێک لە وتەکانی ئەحمەدی نەژاددا دەخوێنرێتەوە و ئەوە تیۆرێکی پەیوەستە بە ئەحمەدی نەژادەوە. لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات و پێمان دەڵێت کە ئەم داهێنانە ئایینییە لەپێناو چیدایە؟

گوتاری مەهدیگەرایی لە ئێستادا گوتارێکە وەک کۆمپانیایەک وەهایە کە تێیدا هەزاران کەس مژوڵی کارن و بە شێوازی جیاجیا کاری لەسەر دەکەن. لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی ئێران ملیۆنان دۆلار لەو پێناوەدا بەهەدەر دەدات و دەیهەوێت تیۆری مەهدیگەرایی لەنێو ئەندێشەی کۆمەڵدا بچەسپێنێت. لەم کۆمپانیایەدا بە شێوەی جیاجیا نێوەندە توێژینەوەکان و بوارەکانی پەیوەست بە بیر و ئەندێشە لە زانکۆکاندا و ناوەندە هزری و فەرهەنگییەکان کاری لە سەر دەکەن. لێرەوە شرۆڤەی ئامانجی بڵاوبوونەوەی ئەم بیرە خەیاڵسازییە دەکەین کە بەو گوڕ و تینەوە کاری لەسەر دەکرێت.

دیارە دانە پاڵی بابگەرایی بە سەید عەلی موحەمەدی شیرازی پێناسەیەکی نادروستی مێژووییە، چونکە بابگەرایی دەرهاویشتەی بیری سەید موحەمەدی شیرازی نییە، بابگەرایی پەیامی ڕاستەوخۆی بیری

مەهدیگەراییــە لەنێــو شــیعەدا. لــە ڕاســتیدا دەبــێ بگوترێـت کـە هەوڵـی عـەلی موحەمـەد شـیرازی ئـەوە بــوو کــە مەهــدی یــان ئیمامــی زەمــان بکاتــە خاڵــی کۆتایــی بیــری بابگەرایــی . دیــارە لــە نەیارییــەتی و دوژمنایـەتی خانـەوادەی ئومەییـەدا، دوو ڕەوتی سیاسـی هاتنــە پێشــێ. هەوەڵینیــان عەباســیەکان بــوون، کــە ڕیشـەکەی دەگەڕایـەوە بـۆ سـەر زاڕۆکانی عەبـاسی مامـی پەیامبـەری ئیسـلام. دووەم ڕەوتی سیاسـیش دەگەڕانـەوە سـەر نـەوەکانی عـەلی کـوڕی ئەبـو تالیبـی چـوارەم خەلیفـەی ئیسـلام. ئەوانـەی کـە پێڕەوییـان لـە عـەلی دەکـرد بـە شـیعە ناوبـران و هەریـەک لـە عەبـاسی و ئومەوییەکانیـش عـەرەب بـوون و بـە عـەرەبی مانـەوە، وەلـێ شـیعەکان بەرامـەی ئێرانیـان لەخۆگرت و شـکڵێکی ئێرانییــان کــرا بــە بــەردا. تێکشــکانە ســەربازییەکان (بەتایبــەتی شکســتی حوســەین ســێهەم خەلیفــەی شـیعەکان)، هـاوکات شکسـتە سیاسـی و فەرهەنگییـەکانی شیعەکان چ لـە بەرامبـەر ئومەوییـەکان و چ لـە بەرامبەر عەباسـییەکان فاکتـەری ئـەوە بـوون کـە شـیعەکان لـە ڕووی پراکتیکـەوە ببنـە کۆمەڵێکـی شـاراوەی بندەسـت و سـەرکوتکراو. بـەڵام ئـەم کۆمەڵـە موسـڵمانە ڕاسـتە لـە ڕووی سـیاسی و سـەربازییەوە شـارانەوە، بـەڵام لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە درێژەیـان دا بـە نـەزم و نواڕینـی خۆیـان و خۆیـان پاراسـت و تـا ئەمـڕۆ درێژەیـان کێشـا. مانــەوەی ســەرمایەیەکی کۆمەڵایــەتی  لــە ئێرانــدا بــووە مۆرکـی شـیعە. ئـەوە تەنهـا شـیعەبوون نەبـوو ئێـرانی خسـتە مەتەرێـزی عەبـاسی و ئومەوییەکانـەوە، بەڵکـو بــە شــێوەیەکی ئۆرگانیکــی شــیعە و ئێــران بوونــە تەواوکـەری یەکتریـی و بوونـە بناغـەی بەرەنگارییەکـی دوور و درێژیــی مێژوویــی. دەتوانیــن بڵێیــن کــە مەهدیگەرایــی شــیعەی لــە لەناوچــوون قوتارکــرد و، شــیعەیش تــوانی شوناســی ئێرانیبــوون لــە بەرامبــەر عەرەبەکانـدا لـە خۆیـدا بەرجەسـتە بـکات. چونکـە بـە مەرگـی ئیمامـی یازدەهـەم کـە حەسـەنی عەسـکەرییە، کــە بــە گوێــرەی بەڵگــە مێژووییــەکان زاڕۆی لــەدوا بەجێنەمـاوە، ئیـدی شـیعەکان یـان دەبـوو لەناوبچـن و بسـڕێنەوە و دەسـبەرداری بیـری سیاسـییان بـن، یاخـۆ بــە ڕێگەیەکــدا دەچــوون کــە لــە دەرەوەی پێشــبینی ئێمەدایــە. کەواتــە بابگەرایــی ئاکامــی ڕاســتەوخۆی دیارنەمـانی ئیمامـی زەمانـە لـە نێـو شـیعەکاندا. بـاب بـە واتـای نێوەنـد دێـت لەنێـوان ئیمامـی زەمـان و خەڵکـدا. بابـەکانی دەسـتپێک چـوار کـەس بـوون. کـە بـە نوێنـەرانی تایبـەت نێویـان دەرکردبـوو. هەوەڵیـن بـاب عوسـمانی کـوڕی سـەعید (عوسـمان عەمـەری) بـوو. دواتـر کـوڕی عوسـمان عەمـەری، موحەمـەد عەمـەری هـات، پـاش ئەویـش حوسـەین نوبەختـی و عـەلی سـیمری هاتـن. دووانەکـەی دووایـی ئێـرانی بـوون. ئـەم قۆناغـە حەفتـا سـاڵی خایانـد، لـە مێـژوودا نـاسراوە بـە دیارنەمـانی بچـوک. ئـەم چواربابـە لـەو قۆناغـەدا نووسـین و واژۆی ئیمامـی زەمانیـان وەرگـرت و لەنێـو خەڵکیـدا پەخـش و بڵاویـان کردنـەوە. ئـەم قۆناغـە بـە ئاخەریـن نووسـینی ئیمامـی زەمـان بـۆ عـەلی سمیری کۆتایـی هـات، لـە دوا نامـەدا جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە دیارنەمانی تـەواوەتی دەسـتپێدەکات و ئیـدی پێویسـتە خۆیـان بـۆ ئـەو قۆناغـە ئامـادە بکـەن. لێـرەوە قۆناغـی هەوەڵـی بابگەرایـی تـەواو دەبێـت. بـەم جـۆرە لـە پـاش کۆتـا هاتنـی قۆناغـی

چـوار بابەکـە قۆناغـی دووەم دەسـتپێدەکات کـە بـە سـەردەمی نوێنـەرانی گشـتی ناودەبرێـت و تاوەکـو ئـەوڕۆ بەردەوامـە. لـەم قۆناغـەدا بانگەشـەی زۆر کراوە لەنێـو شـیعەدا کـە چەنـدەها کـەس هەڵساون خۆیان بـە نێوەنـدی نێـوان ئیمامـی زەمـان و خەڵـک زانیـوە پێیـان وابـووە ئیمامـی زەمانیـان دیـوە و پەیوەسـتن پێوەیـە و جێنشـینن، ئـەم پرسـەش زۆر بـڵاوە و بنەمای نییـە و لـە تێکسـتە سـەرەکییەکاندا بـە ناڕاسـت ناویان دەبـەن.

بـۆ زیاتر تێگەیشـتن لـە مەهـدی، پەرتوکـەکـەی ئەحمەد کـسروی زۆر بایەخـدارە لـە بـارەی بەهاگەرایـی و مەهدیگەرایـی و تەسـەوفە. بـەڵام ئـەوەی لـە ڕاگەیەنـراوی فەرمیـی کۆماری ئیسـلامیدایە لـە هەمبەر مەهـدی و مێژووەکـەی بـەم جـۆرە ئامـاژە دەکات بـە مەهـدی: «موحەمـەدەدی کـوڕی حەسـەنی عەسـکەری کۆتـا ئیمامـی دوازدە ئیمامەکـەی شـیعەیە، کـە لـە (15ی شـەعبانی 288 ک) لـە سـامەڕادا لەدایکبـووە. ئـەو تەنهـا کـوڕی یازدەهەمیـن ئیمامـی شـیعە حەسـەن عەسـکەرییە و دایکـی لـە نـەوەکانی قەیسـەری ڕۆم بـووە و نـاوی نێرگـز بـووە. نازنـاوەکانی موحەمـەد بریتییـن لـە مەهـدی، حوجـەت، وەلی عـەسر، قائم زەمـان و سـاحب زەمـان. لەدایکبـوونی موحەمـەد لـە لایـەن باوکییـەوە شـاردراوەتەوە و تەنهـا بـە بەشـێک لـە شـیعەکانی ڕاگەیانـدووە. ئـەو لـە سـاڵی 260ی کۆچیدا پـاش ئـەوەی بـابی دەمرێـت، دەگاتـە پلـەی ئیمامـەت. ئیمامـەتی ئـەو لەسـەر بنەمـای فەرمودەگەلێـک بـوو کـە پەیامبـەر و ئیمامـەکانی پێشـوو ئاماژەیـان پێـداوە. ئـەو دوای ئـەوەی لەسـەر تەرمـی بـابی نوێـژ دەخوێنێـت ئیـدی دیار نامێنێـت. هـۆکاری دیـار نەمانی ئیـمام لەو سـۆنگەیەوەیە کـە خەلیفـەی عەباسـیەکان نیـازی کوشـتنیانی هەبـووە. هـەر لـە سـەر بنەمـای گێڕانـەوەکان ئیـمام دووجـار دیارنەمـاوە. قۆناغـی دیارنەمانی یەکـەم تـا سـاڵی 329ک بـەردەوام دەبێـت. ئەمەیـش بـە قۆناغـی دیـار نەمـانی بچـوک یـان قۆناغـی نوێنەرایـەتی تایبـەت نـاو دەبـەن. لـەم قۆناغـەدا ئیـمام لـە ڕێگـەی چـوار لـە نوێنـەران و ناوەنـدکارانی خۆییـەوە پەیوەسـت بـوو بـە شـیعەکانەوە. قۆناغـی دووەم کـە دیارنەمـانی گەورەیـە تاوەکـو ئێسـتە بەردەوامـە. لـە ڕاسـتیدا ئـەم بونیـادە هزرییـە کـە لـە سـەر ئـەم گێڕانەوانـە وەسـتاوە فـرە جێگـەی

**مەهدیگەرایی وەك چەمكێك قۆناغێكی دوور و درێژە لە نێو بیرمەندانی شیعەدا، جێگەی بایەخ و لەسەر وەستانە. ئەمە گوتارێكە لە لای دەوڵەتی ئیسلامی ئێران ڕێكخراوە و بە بەرنامە كراوە. لەم گوتارەدا بە ملیۆنان دۆلار خراوەتە خزمەت كۆڵینەوە زانستییەكان و شیكار و شرۆڤە لەسەر مێژوو و هزر و دەرهاویشتە و پایەكانی ئەم باوەڕە دەكرێت**

پرسیارە و دوور لە لۆژیکە. لە پاش مەرگی حەسەن عەسکەری ئیمامی یازدەهەمی شیعەکان، ئیدی شیعەکان دابەشبوون بەسەر سێ گروپەوە. دەستەی یەکەمیان دەیانوت: ئیدی ئیمامەت کۆتایی هات. دەستەی دووەم براکەی ئەوی بە ناوی جەعفەر بە ئیمام ناساند، دیارە شیعەکان ئەویان بە جەعفەری درۆزن ناودەبرد. دەستەی سێهەم کە زیاتر وەک ڕێکخستنێکی سیاسی خۆی دەبینییەوە شوێنکەوتەی عوسمانی کوڕی عەمەری بوون. عوسمان ڕایگەیاند کە حەسەن عەسکەری منداڵێکی پێنج ساڵەی هەیە و شاردویەتییەوە و لە ژێر زەویدایە، ئەو ئیمامی ئێمەیە و ئەو منی کردووە بە نێوەندگیری نێوان خۆی و ئێوە. ئێوە هەر قسەیەکتان هەیە بە منی بڵێن و هەر پوڵ و پارەیەکتان هەیە لەو پێناوەدا پێمی بدەن. لە ڕاستیدا مشتومڕێکی فرە لە بارەی خورافیاتی مەهدییەوە هەیە، پێیان وایە کە چۆن دەبێت حەسەن عەسکەری زارۆیەکی هەبووبێت و دەوروبەر نەیانزانیبێت، چۆن دەبێت خاتونێک منداڵێکی بێت و ئاشکرا نەبێ، چۆن دەبێت زارۆیەک نوێژ لە سەر تەرمی بابی بکات و کەسیش پێی نەزانێ و چەندین بەڵگە و کۆڵینەوەی لۆژیکی لەو بارەوە خراوەتە ڕوو. هاوکات هەندێکیش پێیان وایە چۆن زارۆیەکی پێنج ساڵە هەموو ئەو بەرپرسایەتیەی ڕەوگەی شیعە یان ئاینزای شیعەی کەوتووەتە ئەستۆو بۆی هەڵسوڕاوە، بۆ باوەڕهێنان بەمە پێویستە مرۆڤ باوەڕی بە شتێک هەبێت بە ناوی موعجیزەوە، لە ڕاستیدا ئاینزای شیعە باوەڕی بە موعجیزە هەیە و موعجیزە یەکێکە لە ئەرکانەکانی باوەڕی ئەوان. لەم بارەوە بۆ وەڵامی ئەوەی چۆن ئەو پێشەوایانەی شیعە توانای باڵاتریان هەبووە و موعجیزە ئاسا هەڵسوڕاون، پێشەوا جەعفەری سادق دەڵێت ئێمە جیاوازتر لە مرۆڤ دروستکراوین. هاوکات باوەڕیشیان بە نەمریی بایەلۆجی هەیە و پێیان وایە کە مەهدی و دیارنەمانی بەشێکە لەو موعجیزەیەی کە باوەڕیان پێیەتی.

لە ڕاستیدا لەگەڵ بوونی ڕەخنەیەکی زۆر، نەزمی سیاسیی ئیسلام و هێنەری ئیسلام و پەیامبەرەکەی، هێشتا ئیسلام توانیبووی گەلێ لە کەموکوڕییەکانی ئایینی پێش خۆی، یان ئایینە یەکتاپەرستییەکانی پێش خۆی نەهێڵێت، بۆ نموونە ئایینی جولەکە ئایینێک بوو مۆرکی نەژادی پێوەبوو، وابەستە بوون بە نەژادی ئیسرائیلییەوە، بەڵام ئەم پرسە لە ئیسلامدا نەبوو. کە مەسیحییەت هات ئەو وابەستە بوونە نەژادی و نەتەوەییەی جووەکانی نەهێشت و وابەستەبوونی گرێدا بە ئایینەوە. یان بە واتایەکی تر لە مەسیحییەتدا چارەنووسی ئایین لە نەتەوەگەرایەوە وابەستە بوو بە ئاینداریەوە، یان لە ئایینی یەکتاپەرستیدا نەتەوەگەرایی نەما و شوێنی بە ئاینداریی پڕکرایەوە و لە هەر تیرە و نەژادێک مەسیحیبوون دەبووە بازنەیەک بۆ ئاینداریی کۆی ئەو تیرە و نەژاد و نەتەوانە. وەلێ مەسیحییەت لەم کارەیدا هیچ ئایینێکی دیکەی بە فەرمی نەدەناسی و تەنها و تەنها خۆی بە ڕەوا و ئایین دەزانی. لێرەوە کورتکردنەوە و بەرتەسککردنەوەی باوەڕ لە تەنها باوەڕێکدا و کورتکردنەوەی تاک خودایی لە ئایینی مەسیحیدا هاتە ئاراوە. کە ئیسلام هات ڕەوشێکی

نوێ هاتە ئاراوە، لە ئیسلامدا لە پێشەوە باوەڕبوون بە موعجیزە لەق بوو. لە ڕاستیدا هەریەک لە موسا و عیسا باوەڕ و توانایان بە موعجیزە هەبوو. بە گوێرەی ڕێسا و شەریعەتی هەردوو مەسیح و جولەکە هەریەک لە عیسا و موسا خاوەنی توانایەک بوون کە مردویان زیندوو دەکردەوە. ئەوان دەریایان لێک دادەبڕی و بە چاوتروکانێک شتێکیان دەگۆڕی بە شتێکی دیکە. لە بیست شوێنی جودادا کە بێباوەڕان داوای موعجیزەیان لە پەیامبەر کردووە ئەو یان بێدەنگ بووە یان بە قورعان وەڵامی داونەتەوە و وتویەتی منیش مرۆڤێکم وەک ئێوە و تەنها پەیامێکم لایە بۆ مۆژدەدان و ترساندنی ئێوە. ئەوان ڕوویان دەکردە پەیامبەر و دەیانوت ئەو مادام وەک ئێمە نان و ئاو دەخوات و دەچێتە بازاڕ مانایەکی نییە، ئەو گەر ڕاست دەکات با لە ئاسمانەوە بۆی ببارێت و ئیدی بۆ بژێوی خۆی پێویستی بە کار و فەرمان نەبێت مادام ناتوانێ وابکات کەواتە ئەو یان جنۆکە دەستیان لێ وەشاندوە یاخۆ دێوانەیەکە. لەبەرئەوە تا ئەو شوێنەی کە بەڵگەمان لەدەستایە پەیامبەر موعجیزەی نەبووە و موعجیزە لەگەڵ ئیسلامدا پێک نەهاتوونەتەوە. هاوکات لە قورئاندا ئەوە خراوەتە ڕوو کە پەیامبەر دەمرێت وەک ئەوانی دی، لێرەوە ئەو تیۆرە دەدرێتە دواوە کە کار لەسەر نەمریی و پرسی نەمری بیایەلۆژی دەکات. ئەوە لە سورەتی زومەری ئایەتی 30 ئاماژەی پێکراوە. هاوکات سەبارەت بەوەی لە ئایینی مەسیحیشدا پەیامبەری ئیسلام وەک مەسیحیانی بەرایی بیری کردووەتەوە و پێی وانەبووە کە عیسا کوڕی خودایە و باوەڕی ئەفسانەگەرایی

نەبووە. ئەوەی کە ئێستا لە ئایینی مەسیحدا دەگوزەرێ دروست وابەستەیە بە ئاریانیسمەوە ( Arius; 260 – 336) ئەوەی کە لە سەدەی پێنجەمی زاینییەوە تا دەیەم، بە هەزاران مەسیحییان کوشت. چونکە بە تۆپزی ئەو باوەڕەیان سەپاند کە بەڵێ مەسیح زاڕۆی خودایە. لێرەوە تێدەگەین کە پەیامبەر لە سێ پایەی سەرەکی ئایینەکانی پێش خۆیدا پێداچوونەوەی کردووە بەو پرسانەدا. یەکەمین ئەوەیە کە پێوەری باوەڕبوون بە خودای تاقانە نەبەستراوە بە نەژاد و نەتەوەیەکەوە، یاخۆ بە قەتیسمانێکی ئایینییەوە و باوەڕنەبوون بە ئایینەکانی دی. دووەمین دابڕان لە موعجیزە و موعجیزەگەرایی، سێهەمیش باوەڕنەبوون بە نەمریی بایەلۆژیی. وەلێ لەنێو شیعەدا ئەم سێ پایە و باوەڕەی ئیسلام هێڵیان بەسەردا کێشرا و دروست باوەڕدارییان گەڕاندەوە بۆ باوەڕداریی پێش ئیسلام و خۆیان لەنێو باوەڕی جولەکە و مەسیحییەکاندا دییەوە. ئەوان جارێکی تر تیۆری گەلی ڕزگاربووی جولەکەکانیان زیندوو کردەوە، چونکە کاتێک جەعفەری سادق دەڵێت: ئێمە لە دروستبووندا جیاواز و باڵاترین، دروست پێمان دەڵێت کە ئێمەی شیعە یان جیاوازین لە هەموو ئەوانی دی و گەلێکی هەڵبژێردراوین. ئەمەیش لە نەزمی بیرکردنەوەدا نوارینێکی شۆڤێنیانە و باڵایی ڕەگەزیی نیشان دەدات و لە ڕووی سیاسیشەوە بە وردی کاری لەسەر دەکرێت. لە ڕووی موعجیزەگەرایشەوە قسەیەک نییە کە شیعە باوەڕی پێیەتی و پێی وایە کە مەهدیگەرایی ڕوانگەیەکی زاڵ و باوەڕێکی بنچینەییە و دروست زیندووکردنەوەی تیۆری نەمری

بایەلۆجی ئاینەکانی پێش خۆیەتی کە لە ئیسلامدا ئەم تیۆرە دورخراوەتەوە. لێرەوە تێدەگەین کە لە نێو شیعەدا نێزیکی بە تیۆر و تێروانینەکانی پێشوو فرە زاڵە و ئەوە وادەکات بسەلمێنرێت کە شیعە زێدەتر لە جولەکەکان و پایەکانی باوەڕی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت تاوەکو لە ئیسلامەوە. لە ڕاستیدا دەرکەوتنی ڕزگارکەری جولەکەکان (ماشیح) تاوەکو پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل یەکێک بوو لە پایە سەرەکییەکانی باوەڕی جوو. ئەمەیش شتێکی سروشتی بوو، چونکە لە خاپورکردنی پەرستگای جووەکانەوە و لە قۆڵبەستکران و ڕاگوێزانی جووەکانەوە لە ساڵی 586 پ.ز لە سەردەستی بابلییەکان ئیدی ئەوان لە سەرزەمینێکی دوور و دابڕاو لە خاکی خۆیان دەژیان و پەراگەندە بوون، بە تایبەت لە سەدەی پێنجی زایینیدا وەختێک ڕۆمەکان بە تۆپزی و ترس و تۆقینەوە ئایینی مەسیحیان سەپاند، ئیدی جووەکان زیاتر کەوتنە ژێر تین و تاوی داپڵۆسین و دابڕانی زیاترەوە. بۆیە ئاسایی بوو باوەڕێکی وەک بونی ڕزگارکەرێک تا لە کۆتاییدا ئەوان قوتاربکات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ سەرزەمینی خۆیان، ئیسرائیل، بێتە ئاراوە. ئەم پرسە لە لای ئەوان زیندوو ڕاگیرا و بووە کرۆکی باوەڕی جووەکان. ئەوە کۆنترین ئەندێشەی سەهیۆنیستی (زایۆنیستی) مەزهەبییە. ئەم سەهیۆنیزمی مەزهەبییە بەرە بەرە لە ناو جووە ئەشکەنازییەکانی ئەوروپادا گۆڕا بۆ سەهیۆنیزمی سیاسی و تیۆدۆر هرێتزل وەک داینەمۆی خەباتی سیاسیی بەربڵاو توانی پێشینە و تەدارەکی دەوڵەتی ئیسرائیل دابڕێژێت. لە ڕاستیدا سەهیۆنیزمی سیاسی وەک نەیاری سەهیۆنیزمی مەزهەبیە. ئەوان خۆیان وا دەبینن کە ئاینەکەیان شێواوە، بۆ زانیاری لە ڕوودانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا حاخامەکانی سەفاری ئەوانەی کە جووی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیکن، چونە کن ڕابەری شۆڕش، ئەوانیش وەک ئەحمەدی نەژاد دژی تیۆری سەهیۆنیزمی سیاسیین و گەرەکیانە ئیسرائیل لەنێو بچێت، تەنانەت لە کۆنفرانسەکەی هۆلۆکۆستی ئەحمەدی نەژاددا بەشدارییان کرد. دیارە شیعەیش لە ڕەوەندێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە سەرکوتکراوە. ئەو ڕەوەندەی کە تێیدا ئومەوی و عەباسییەکان شتێک نەما بە شیعەی نەکەن. هەر بۆیە مەهدیگەراییان وەک ڕزگارکەرێک لە خەیاڵدانی خۆیاندا چاند و بووە پەناگەی داهاتووی خەونەکانیان. دەتوانین بڵێین شیعە سەهیۆنیزمی مەزهەبی وەک براگەورەی خۆی دەبینێ، چونکە ئەوان نە تەنها لە گوتاری دەرکەوتنی ڕزگارکەرێکدا هاوبەشن، بەڵکو لە موعجیزە و لە نەمری و لە چەند پرسێکی بەندایەتیدا هاوبەشی سایکۆلۆژی و دێرینیان هەیە.

مەهدیگەرایی وەک چەمکێک قۆناغێکی دوور و درێژە لە نێو بیرمەندانی شیعەدا خاوەنی بایەخ و لەسەروەستانە. ئەمە گوتارێکە لە لای دەوڵەتی ئیسلامی ئێران ڕێکخراوە و بەبەرنامە کراوە. لەم گوتارەدا بە ملیۆنان دۆلار بە هەدەر دەبرێت و خزاوەتە نێو کۆڵینەوە زانستییەکان و شیکار و شرۆڤە لەسەر مێژوو و هزر و دەرهاویشتە و پایەکانی ئەم باوەڕە دەکرێت. دیارە باوەڕبوون بە خورافیات لە ئێراندا ڕیشەیەکی قووڵ و دێرینی هەیە، تەنانەت لە کۆڵینەوەیەکدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە لە ئێرندا

زیاد لە 90% باوەڕیان بە خورافە هەیە، یاخۆ ئالودەن پێیەوە ئەم باوەڕبونە لە ئێراندا وابەستەیە بەو فشارە زۆرەی ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەجۆرێک ڕێگەیەک بۆ ژیانی واقیعی نەماوە و خەڵکی کەمەندکێشی خەون و خەیاڵ و باوەڕی بێمانا و ئومێدی خەیاڵی دەکرین. تەنانەت لە نوێترین زانیاریدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە پێشووتر نزاکاران یاخۆ فاڵگرەوەکان ئەوانەی پێشبینی دەکەن و بووەتە پیشەیان لە ئێراندا چەند هەزارێک هەبوون و بۆ خەڵکی نەخوێندەوار دەیانپەرژان، بەڵام ئەمڕۆ تەنها لە ئەنتەرنێتدا پرسی فاڵگیریی زیاد لە دوو ملیۆن پەڕەی بۆ تەرخاکراوە و خەڵکانی خوێنەوار و زانا و دانا دەستیان داوەتە ئەم دیاردەیە. هەروەها لە نوێترین زانیاریدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە جاران خەڵکانێکی فاڵگرەوە یان قاوەگرەوە دەچوون بە شوێن کەسانێکدا تا فاڵیان بۆ بگرنەوە، ئێستە لەم دە ساڵەی دوایدا لە ئێراندا خەڵکانی بڕوانامەدار لە نووسینگە تایبەت و نافەرمییەکاندا بە چەندین سەعات چاوەڕێ دەکەن تاوەکو فاڵگرەوەیەک فاڵیان بۆ بگرێتەوە. لە توێژینەوەکاندا ئەوە خراوەتە ڕوو خەڵکانێک کە ئومێدی خۆیان و ئایندەی خۆیان لە قاوە گرەوەیەکدا دەبینن دروست ئەوە تایبەتمەندیی کۆمەڵی ئەفسانەگەرا و خورافەچییە. لەم نێوەندەدا داتاکان پێمان دەڵێن کە 80%ی ئەوانەی کە پەنا دەبەنە بەر فاڵ و سحر و قاوەگرتنەوە بریتین لە خانمانی کۆمەڵی ئێرانی. بەهەرام ڕەحمانی لە سەرچاوەی فەسادی ئابووری و تەبلیغاتی خورافیات ئەوە دەخاتە ڕوو کە 12 ملیۆن ئالودەبووی مادەی هۆشبەر لە ئێران هەیە، ئەو دەڵێت ئەوانەی لە زیندانی ئەویندان 70 %یان بریتین لەوانەی کە خێزاندارن. تەنانەت ئەم ڕێژەی هەڵکشانی ئالودەبوونە بە جۆرێکە کە لە هەر 3 خولەک جارێکدا کەسێک لە ئێراندا توش دەبێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە گۆڕانکارییەکانە لە بیری سیاسیی شیعەدا، کۆمەڵە گۆڕانکارییەک کە مایەی لەسەر وەستانە، لەم گۆڕانکارییانەدا شتێک هەیە بۆ گۆڕانکاریی تاوەکو ئێستەیش هەستێک هەیە بۆ تێکەڵبوون بە سیاسەت، لەم تێکەڵبوونەدا لادانێک دەخوێنرێتەوە لە بیری سیاسیی شیعەدا کە ئاراستە دەگرێت بەرە و خورافیات و لادان و دورکەوتنەوە ئەمە دروست ئەو ڕیڤیۆنیستییەیە کە مارکسیەکان دژ بە ڕیڤیۆنیزمی ناو سۆڤییەت بانگەشەی بۆ دەکەن.

**سەرچاوە:**

https://rasanah-iiis.org/english/monitoring-and-translation/reports/al-mahdi-for-shiites-sunnis-and-the-khomeini-iran/

Al-Ayyashi. Tafsir Ayyashi. 1.

Muhammad Sadr. The history of Major Occultation. ISBN 9643-03-5567-.

Majlisi، Muhammad Baqir. Bihar al-Anwar. 52.

Ja'fari، Javad. «How to distinguish Imam Muhammad al-Mahdi from false claimants?». en.abna24.com. Retrieved 2 September 2015.

«IMAM Al - MAHDI (AS) & Our Duty during his Absence». Al-Shia.org. Retrieved 2 September 2015.

«The Signs Before Reappearance of Muhammad al-Mahdi (A.S)». Al-Maaref. Retrieved 2 September 2015.